

# ڕۆژی هونەری کوردستان

لە سەرتاسەری جیهاندا بووەتە نەریت کە بۆ هەر بوار و مەبەستێك ڕۆژێك وەك یادکردنەوە و بە فەرمیناسینی ئەو ڕۆژە بۆ ئەو بوارە دیار کراوە و دەستنیشان دەکرێت. لە ڕاستیدا دیارکردنی ڕۆژێك بۆ بوارێك مەبەست لەوە نییە کە لە ساڵێکدا تەنیا و تەنیا ئەو ڕۆژە ڕۆژی بوارەکەیە، تەنانەت بۆ یادەوەری و بیرهێنانەوەش نییە، بەڵکو مەبەست لە دیارکردنی ڕۆژێکی تایبەت لە ساڵێکدا بۆ بوارێکی دیارکراو، پێدانی دەرفەتێکی دیکەیە بۆ ئەوەی ئەو ڕۆژە ببێتە کۆنفرانسێکی گەورەی تایبەت بە بوارەکە و کەسان و ڕێکخراو و لایەنە پەیوەندیدارەکان بەو بۆنەیە کۆبکاتەوە و چاو بە پلانەکانی کار دابڕێژنەوە و ئامانجەکان ڕوونتر بکەنەوە و پەنجە بخەنە سەر دەرکەوتە باش و خراپەکانی ماوەی ڕابردووی ئەو بوارە، بۆ ئەوەی لە ساڵی داهاتوودا کاری باشتر و پوختەتر لەو بوارەدا بکرێ و پێشکەوتنێك بەخۆیەوە ببینێ و گۆڕانکارییەك بە ئاراستەی ئەرێنی تێدا بەدی بێت. لەناویشیاندا ڕۆژی هونەر، لە زۆر لە وڵاتان دەکرێتە ڕۆژێکی پڕ چالاکیی هەمەجۆر، وەك فیستیڤاڵێکی ساڵانەی سەرتاسەری، یادی ئەو بوارە جوانەی ژیان بە کار و چالاکی و داهێنانی نوێ و پێشنیاری نوێ و بەرنامەی نوێوە دەکرێتەوە و دەرفەتێکیشە بۆ هەموو ئەو هونەرمەندانەی لە بوارەکەدا کار دەکەن و کار و پەیامی خۆیان بگەیەنن بە کۆمەڵگا و لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە.

لەو چوارچێوەیەدا، ئێمەش لێرە وەك هونەرمەندانی کوردستان بە پێویستی دەزانین ڕۆژێکی تایبەت بە هونەری کوردستان دیار بکرێ، بەڵام ڕۆژێکی تەقلیدی و چاولێکەری نا، بەڵکو ڕۆژێك کە تێیدا پەیام و ئامانجی هونەرمەندان باشتر بخرێتەڕوو، دەرفەت بدرێ بە کەسایەتی و ناوەند و سەنتەر و گرووپە هونەرییەکان بە چالاکیی جۆراوجۆر گوزارشت لە خۆیان و پەیامەکانیان بکەن و لە هەمان کاتدا ئاستەنگ و کێماسییەکان دەربخەن و کار بۆ نەهێشتن و باشکردنیان بکرێ، واتە ئەو ڕۆژە بۆ هونەر ببێت بە کۆنفرانسێك کە هونەر تێیدا بە سەلیقە و فەنتازیا، لەو لاشەوە بە زانستی و بە مۆرکی کوردستانییانە خۆی نوێ بکاتەوە.

کوردستان وڵاتێکی زۆر دەوڵەمەندە بە هونەرە جوراوجۆرە جوانەکانەوە، لە کەلەپوور و فۆلکلۆر، لە پیشەی دەستڕەنگینی و نیگار، لە میوزیك و دەنگ و ئاوازی ڕەسەن، لە شانۆ و مەنەلۆج و دراما و فیلم، لە فۆتۆگرافەری و تەشکیلی، تەنانەت لە هونەرە دەستچن و میللییە خۆماڵییەکاندا کە لە زۆر پیشەی وەك جۆلایی و تەون و مافوور و پەشم دروستکردندا، لە مسگەری و زێڕینگەری و بیناسازی و درووman و کڵاشچنیدا، لە دروستکردنی کەرەستەکانی جووتیاری و ئاژەڵداریدا، لە زۆر پیشە و بابەتی پەیوەست بە ژیانی خەڵك کە لە دێرزەمانەوە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە کوردستان پێیان زانیبێ یان نا، جگە لەوەی کە وەك پیشە و کەسابەت و بژێو دەستیان داوەتێ، بەڵام هونەرێکی بەرزیشیان نواندووە و خزمەتی زۆریان بە فەرهەنگ و کەلەپووری نەتەوەکەیان کردووە.

جا دیارکردنی ڕۆژێك بۆ هەموو ئەو هونەرە جوان و ڕەنگینانە و پیشاندان و نمایشکردن و خستنەڕووی بەرهەمەکان و توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی ورد و زانستی لە بارەیاندا، بێ شك لە داهاتوودا بە ئاقاری باشتر و کامڵتریان دەبا، نەخاسمە هەندێك لەو هونەر و دەستڕەنگینیانە خەریکە فەرامۆش دەکرێن و ون دەبن.



فەرهەنگ غەفوور



# سونام کاپور روو لە دەرهێنان دەکات

کچە مۆدێل و ئەستێرەی بۆڵیۆد سۆنام کاپور دوای ئەوە لەو دوو بوارە سەرکەوتنی بە دەستهێنا و خاوەن چەندین پرۆژەی جیاجیایە وەك کۆمپانیای جلوبەرگ، ئێستا بە نیازە روو لە چەند بوارێکی دیکەش بکات کە تایبەتن بە بواری هونەرییەوە.

سۆنام لەم بارەیەوە لە دیمانەیەکی رۆژنامەییدا بە رۆژنامەی (هندۆستان تایمز)ی راگەیاند: دوای فاشیۆن و ئەکتەری ئێستا بە نیازم روو لە بواری دەرهێنانی سینەمایی بکەم و تا ئێستا دوو سیناریۆم دۆزیوەتەوە و هەردووکیان ئامادەن بۆ ئەوەی کاریان لەسەر بکەم، بەڵام ئەم کارە هەندێك کاتی پێویستە بۆ تەواو کردنیان تاکو بە تەواوی پێداچوونەوەیان دەکەم و دایان دەرێژمەوە بەشێوەیەکی کۆتایی، هەست دەکەم بتوانم کارێك لەو بوارەدا بە ئەنجام بگەیەنم بۆ نموونە دەرهێنانی دوو یان یەك فیلمی سینەمایی لە ساڵێکدا.

سۆنام لەم بوارەوە زیاتر دەڵێ: ژمارەیەك لە دەرهێنەرە هەرە سەرکەوتوو و ناودارەکانی بۆڵیۆد هانیان دام بۆ ئەوەی روو لە دەرهێنان بکەم، بەتایبەتی سانجای لیلا بهنسالی، ئەناند لارای، ئۆرام بالکی و رام مادفالی بەشێوەیەکی گشتی زۆر لە دەرهێنەران پێیان راگەیاندم کە منیش دەتوانم لەو بوارەدا سەرکەوتوو بم.

سەبارەت بە دەستپێکرنی کاری دەرهێنانیش سۆنام وتی: بێگومان ئەمە لە ئێستادا نابێت و پێویستم بە کاتە رەنگە دوو تا سێ ساڵی بوێت، چونکە من زۆر ماندووم لە ئەنجامی کاری بەردەوام، بەڵام هەستێکە خۆشە کە من کارێکی تایبەتی خۆم هەبێت، بە هەر حاڵ من پەلەم نییە لەم کارە و چاوەڕێ دەکەم بزانم کارەکان چۆن بەڕێوە دەچن، بەڵام بە دڵنیاییەوە روو لە بواری دەرهێنان دەکەم. شایەنی وتنە سۆنام تاکە کچە ئەکتەری بۆڵیۆد نییە کە رووی لە دەرهێنان کردووە پێش ئەویش هەر یەکە لە هیمامالینی و کۆنکۆنا سین بەختی خۆیان تاقیکردۆتەوە لە دەرهێنان.



# فیلمێک یاسەمین تورە دەکات

یاسەمین عەبدولعەزیزی ئەستێرەی سینەمایی میسری کە یەکێکە لە ئەکتەرە هەرە سەرکەوتووەکانی میسر بەتایبەتی لە بواری کۆمیدیادا و لە چەند ساڵی دواییدا فیلمەکانی هەمیشە پلەی یەکەمیان هەبووە لە بابەتی زۆرترین بینەر لە هۆڵەکانی سینەمای میسری و عەرەبیدا.

ئەم ساڵ نوێترین فیلمی یاسەمین بە ناوی (الابله طم طم) لە جەژنی رەمەزاندا بڵاوکرایەوە، بەڵام بەپێچەوانەی ساڵانی رابردووە ئەم فیلمەی نەیتوانی وەك ساڵانی رابردوو داهاتێکی ئەوتۆ بەدەست بهێنێت، ئەمەش بووە مایەی توورەبوون و بێزاربوونی، تەنانەت گەیشتە ئاستی تووشبوونی بە حاڵەتێکی دەروونیی زۆر خراپ، چونکە لەو کاتەی فیلمەکەی یاسەمین پەخشکرا، فیلمی (حرب كرموز)یش پەخش کرا، کە لە پاڵەوانیەتی ئەمیر کەرارە بوو، ئەم فیلمە هەر لە ساتەکانی یەکەمی نمایشکردنیدا سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێنا، ئەمەش کاریگەرییەکی نەرێنیی کردە سەر داهاتی گشت فیلمە نمایشکراوەکانی جەژن و لە پێش هەمووشیانەوە فیلمەکەی یاسەمین.

### جانێت جاکسۆن:

# لە منداڵییەوە تووشی خەمۆکی بووم



ئەکتەر و گۆرانیبێژی ئەمریکی جانێت جاکسۆن لە دیمانەیەکی رۆژنامەوانی لەگەڵ گۆڤاری (ESSENCE)ی ئەمریکیدا باسی لە تەمەنی منداڵیی خۆی کرد و ئەو ئێش و ئازار و ئاستەنگانەی هاتوونەتە سەر رێی تا ئەمرۆ خستەڕوو.

ئەوەی بۆ جەماوەری جانێت مایەی شۆك و نیگەرانی بوو، باسکردنی ساتە سەختەکانی ژیانی بوو، بەتایبەتی کە تووشی خەمۆکی بووە و لەم رووەوە جانێت بە گۆڤاری ناوبراوی راگەیاند: ئەو مەینەتیانەی لە تەمەنی منداڵیمدا تووشم بوون وایان لێکردم کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ تووشی جۆرێکی خەمۆکی بم.

جانێتی خوشکی ئەستێرەی پۆپی جیهانی مایکل جاکسۆن دەربارەی خەمۆکییەکەی دەڵێ: زۆر بە دەست خەمۆکییە ناڵاندوومە و ئازارێکی زۆری دەروونی داوم، لە سەرووی هەمووشیان رێزنەگرتن لە خودی خۆت هەستێکی زۆر ناخۆشی پێ بەخشیم، ئەمەش لە ئەنجامی پەروەردەی منداڵی و هەست کردن بە خۆ بە کەم زانین و گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی وەك گێچەڵی سێکسی و رەگەزپەرستییەوە کە دووچاریان بوومەوە، لە ناخی مندا دروست بوون.

ئەو ئەستێرە تەمەن ٥٢ ساڵییە دەڵێ: خۆشگوزەرانیی ژیان لای من تەنیا ئەو کاتانەیە کە لەگەڵ عیسای کوڕم بەسەریان دەبەم، چونکە یەك نیگای عیسا دووبارە هیوابەخشی ژیانە بۆ من.

شایەنی باسە بەم دواییانە جانێت لە هاوسەرەکەی کە ملیاردێرێکی قەتەرییە بە ناوی وسام ئەلمانع جیابۆوە، دوای پێنج ساڵ ژیانی هاوسەری، هەر لەو ماوەیەدا چەندین جار باس لەوە کراوە کە جانێت موسڵمانبوونی خۆی راگەیاندووە.



## ڕەوشەن چەلکەر:

# ماندووبوونی هونەرمەندی کورد زۆر بێ بەها سەیر دەکرێت

یەکێکە لە ئافرەتە دەنگخۆشەکانی باکووری کوردستان کە دانیشتووی شاری ئەستەنبولە و بە دەنگە خۆشەکەی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان بە شێوازی وستایلێکی نوێ پێشکەش دەکات، ڕەوشەن چەلکەر جگە لە زمانی کوردی بە زمانی تورکیش گۆرانی دەڵێ و لە هەردوو بوارەکەدا سەرکەوتووە، گوڵان ئەم دیمانەیەی لەگەڵدا ساز کرد، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

*** لە ئێستادا ڕەوشی هونەری کوردی چۆن دەبینی؟**

- ئەم پرسە پەیوەستە بە هونەری کوردییەوە بە گشتی، بەر لە هەر شتێك پێویستە ئەوە باس بکەین کە هونەری هەر هەرێم و ناوچەیەکی جیاواز کاریگەریی خۆی هەیە، بۆیە دەبینین کە ڕەوشی هونەری کوردی لە باکووری کوردستان جۆرێك و لە ئەورووپا و پارچەکانی تریش بە جۆرێکی ترە بەڵام مرۆڤ ناتوانێ بە گشتی باسی بکات.

لە کۆمەڵگای کوردەواریدا هەمیشە باس گرنگی هونەر دەکرێ، بەڵام باس لە زەحمەتییەکانی کاری هونەری ناکرێ کە چۆن ئەو کارانە ئەنجام دەدرێن، ئایا لایەنە سیاسییەکانی پشتگیریی دەکەن یان نا؟ لەم ڕووەوە ئەگەر لە ماندووبوونی هونەرمەندی کورد بڕوانین دەبینین کە زۆر بێ بەها سەیر دەکرێت، بەڵام سەرەڕای ئەمەش هونەرمەندانی کورد بەردەوامن لە کارەکانیان و ئەفراندن دەکەن لە بواری خۆیاندا، هیوادارم ئەو هونەرمەندانە پەیامی هونەری ڕاستەقینە بە نەوەی نوێی هونەرمەندانی کورد بگەیەنن.

*** ئایا هونەرمەندانی کورد دەتوانن بژێوی ژیانیان لە ڕێگای هونەرەوە پەیدا بکەن؟**

- لەو باوەڕەدام بۆ هونەرمەندانی وەکو شڤان پەروەر، جوان حاجۆ، نیزامەدین ئاریج کە هەموو تەمەنی خۆیان بۆ هونەر تەرخان کردووە، ئەمە ڕاست بێت، بەڵام لە ئێستادا پێموانییە کە هونەرمەندە گەنجەکان ئەو دەرفەتەیان بۆ ڕەخسا بێت، بۆ نموونە لە تورکیا هونەرمەندانی کورد لە کاتی بوونی گرفت و بێدەسەڵاتیدا تەنیان، چونکە سازکردنی کۆنسێرت و فرۆشتنی پلیت زۆر زەحمەتە، ئەمەش وایکردووە کە زۆر لە هونەرمەند و موزیکژەنی بەتوانا هونەر بکەنە کاری دووەمی خۆیان.

*** لە تورکیا بەتایبەتی لە ئیستانبول ڕەوشی هونەرمەندانی کورد چۆنە؟**

- هیچ ئاستەنگێکمان نییە لە ڕووی چاپکردن و فرۆشتن، سازکردنی کۆنسێرت، بڵاوکردنەوەی ئەلبووم، من بەر لە چوار مانگ ئەلبوومێکم بە ناوی (ئاخ لێ وەسو) بڵاوکردەوە، بەڵام ئاستەنگ لە بەشداریکردن لە فیستیڤاڵدا، چونکە ئەو فیستیڤالأ و ئاهەنگانەی لەلایەن شارەوانییەکانەوە ساز دەکرێن جۆرێك مەترسیی تێدایە، ئەوان پێیانوایە کە موزیکی کوردی لەلایەن گوێگرانی تورك مایەی قبوڵ کردن نەبێت، بۆیە نایانەوێ ئەو ریسکە هەڵگرن و گوێ لە موزیکی کوردی نادەن.

*** فۆلکلۆر بۆ هونەرمەندە گەنجەکانی کورد تاچەند گرنگە؟ خۆیشت ستایلێکی تایبەتت هەیە لە پێشکەشکردنی فۆلکلۆردا و بۆچی ئەو ستایلەت هەڵبژاردووە؟**

- بناغەی ئەو کارە هونەرییەی من پێشکەشی دەکەم فۆلکلۆرە، ئاشکرایە کە فۆلکلۆری کوردی زۆر دەوڵەمەندە و پێویستە هونەرمەندی کورد ئەو دەوڵەمەندییەی لەبەرچاو بێت، فۆلکلۆر بۆ ئێمە وەك شیری دایك حەڵاڵأ و زەڵاڵە، بەڵام ئەگەر تەنیا لە فۆرمەکەی خۆیدا مایەوە و لە چوارچێوەی خۆی دەرنەچوو وموزیسیانە کورد تەنیا پشت بە فۆلکۆر ببەستن و گۆرانی و موزیکی فۆلکلۆری دووبارە بکەنەوە، ئەوا ناتوانن هیچ ئیزافەیەك بخەنە سەر هونەری کوردی و دوور نییە دوای ماوەیەك لە بیر بکرێت تەنانەت لە هونەرمەندانیش دووربکەوێتەوە، چونکە حەز و ئارەزووەکانی گوێگرانیش دەگۆڕێت. من کە جگە لە زمانی کوردی بە تورکیش گۆرانی دەڵێم، هەوڵ دەدەم بۆ هونەرەکەم تاموچێژێکی نوێ بە جەماوەرەکەم بدەم، ئەمەش مانای ئەوەیە کە پێویستیی هونەر چی بێت، من بەو ڕێبازە پەیامی هونەری خۆم بگەیەنم.

فۆلکلۆر شتێك نییە کە لە شوێنی خۆی وەستا بێت، بەڵکو هەمیشە لە گۆڕانکاریدایە، چونکە خودی فۆلکلۆر ئەفراندانی زۆری تێدایە و دەنگبێژ و هونەرمەندان نوێی دەکەنەوە، چونکە ئەم کەسانە کە تێکستێك، یان گۆرانییەك دەڵێنەوە پێیانوایە شتێکی نوێ زیاد دەکەن، ئەوەی منیش ئەنجامی دەدەم، لەو شێوەیەیە، بەشێوەیەکی گشتی فۆلکلۆر سەرچاوەیەکی تەندروستی هونەرە، بەڵام ئەگەر هونەرمەندان ڕۆژانە تا ئێوارە لەو ئاوە بخۆنەوە، دوور نییە وشك بێت و ئەستەمە بگاتە نەوەی داهاتووی هونەرمەندان، بۆیە پێویستە هونەرمەند کەناڵی نوێ بدۆزیتەوە بۆ ئەوەی ئەفراندنی تێدا بکات و هونەری کوردیی پێ دەوڵەمەند بکات.

*** هونەرمەندە گەنجەکان توانیویانە هونەری کوردی پێش بخەن؟**

- بە ڕای من هونەرمەندە گەنجەکان خەباتێکی زۆر دەکەن لەپێناو پێشخستنی هونەرو فەرهەنگی کوردی، چونکە باش دەزانن بەم خەباتەیان دوارۆژیان ڕووناکتر دەبێت، لە ساڵانی ڕابردوودا هونەر و فەرهەنگی کوردی گۆڕانکاری و جیاوازیی زۆری بەخۆیەوە بینی، پێویستە ئەم هەوڵانە وەك دەوڵەمەندییەك سەیر بکرێت، چونکە هونەرمەندان لەسەر ڕێبازی خۆیان بەردەوامن لە هەمان کات دەبێتە هاندەر و پاڵپشتییەك بۆ هونەر و فەرهەنگی کوردیدا

*** بوونی ئافرەت لە بواری هونەری کوردیدا چۆن دەبینی؟**

- ئافرتانی کورد خەباتی زۆریان کردووە لە بواری فەرهەنگ و هونەری کوردیدا، بەڵام لە ئاستی ئاواتەکانی ئێمەدا نییە، چونکە ئەگەر ئێستا بیانژمێرین لە بواری ئەدەب، شانۆ، موزیك، شێوەکاری دوای ژماردنی چەند ناوێك دەوەستین، ئەمەش یەکێك لە کەموکورییە کۆمەڵایەتییەکان، دیارە ئافرەتی کورد لە هەموو بوارەکانی ژیاندا کاریگەریی خۆی هەبووە، پێویستە لە بواری هونەریش خۆیان پێش بخەن و دەنگی خۆیان بەرز بکەنەوە.

*** پێتوایە لە چ پارچەیەکی کوردستان هونەری کوردی زیاتر پێشکەوتووە؟**

- لە هەموو پارچەکانی وڵاتەکەمان خەباتی بواری فەرهەنگ و هونەری کوردی لە ئاستی بەرزدا دەکرێ، بۆیە پێموایە پۆلێنکردنی پێشکەوتووترین پارچە لە بواری هونەری دروست نییە، چونکە لە هەر پارچەیەك ئەفراندن هەبێت کارێکی باشە، ئەگەر بەرهەمێکی باش بڵاوبکرێتەوە و سەرکەوتوو بێت، ئێمە لە هەموو پارچەکان دەیبیستین، پێویستە ئێمە باسی ئەو بەرهەمانە بکەین کە کاریگەرییەکیان لە پارچەکانی ترەوە هەبووە و ئایا تا چەند ئیلهام و هاندەر بێت تاکو لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش بەرهەمی باشتر و بەپێزتر پێشکەش بکرێت.